# مافەکانی کاکەیی لەنێوان ئایین و نەتەوەدا

**هاشم عاسی کاکەیی**

ئەز بۆ ماوەی (25) ساڵ دەچێت خەریکی کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی ئەو هەموو سەرچاوە بیانی و خۆمانەم کە سەبارەت بە تایەفەی کاکەیی چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لەم ماوەیەدا دەیان سەرچاوەی هەمەجۆرم دەستکەوت بە زمانەکانی رووسی، فەرەنسی ، فارسی، عەرەبی، تورکی، کوردی، بڕێك لەو سەرچاوانە کراونەتە کوردی و عەرەبی لە نووسینە جیا جیاکانی رۆژهەڵات ناسان، یاخود حاکمانی داگیرکەری بەریتانی، هەروا ئەوانەی وەکو گەڕیدەیەك سەردانی کوردستانیان کردووە و کتێبیان لەسەردا ناوین. بەندەش وەك کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا، لە کاروباری کاکەییاندا – مەبەستم مێژوو، زمان، کەلتوورەکەیە - هەموو ئەو سەرچاوانەم پشکنی، جگە لەوەی لەم ساڵانەی دواییدا، روانیم چەندین کتێبی تر بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی بڵاوکراونەتەوە. دیارە بە هۆی دابڕانی کەرکوك لە ناوچەکانی کوردستان ئێمە (15)ساڵێك پاشکەوتین لە بەدەستهێنانی ئەو سەرچاوە و زانیارییانەی لەم ماوەیەدا لە کوردستاندا دەستی رۆشنبیرانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی کەوتبوو سەبارەت بە ئێمەی کاکەیی، هەندێ جاریش لەودیوی سنوورەوە بڕێ چاپکراوی فارسی و کوردی دەگەیشتە دەست رۆشنبیران لە کورد و کاکەیی ، بەڵام قەدەغە بوو ناویانت ببردایە . من بۆ خۆم لەلایەکەوە دڵم خۆشە بەو هەموو کتێبە کە هەندێکیان تا ڕادەیەك باشن و لێیان سوودمەندبووین.

لەلایەکیشەوە بڕوا بکەن زۆر خەمبار و دڵتەنگ دەبم کاتێك بڕێك لەو کتێبانە دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی پڕن لە تەزویری راستیەکان کە بەداخەوە بوونەتە بەشێك لە کەلتوور و مێژووی ئێمە لە کوردستاندا کەسانی کاکەیی و نا کاکەیی بەڕاستی دەزانن پەنای بۆ دەبەن.

د. سدیق بۆرەکەیی تاڕادەیەك سوودی پێ گەیاندووین، ڕەنجی بەئاوا نادەین لە هەمانکاتدا زیانێکی زۆریشی لێداوین، نازانم سەرچاوەکانی ژێر دەستی تەزویرە یان خۆی تەزویریان دەکات! خۆ ئەم بەڕێزە هیچمانی نەهێشتووە بە چاپی نەگەیاندبێ لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕ و شارەزایە، کەچی یەکێك لە نەوەکانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی (سەید حەبیب شا)ی کردووەتە ئافرەت و لە خانەی ژنانی ناوداری کوردان باسی کراوە ئافرەتێك هەستاوە وەریگێڕاوەتە کوردی و لە گۆڤاری بانەڕۆژدا بڵاویکردووەتەوە! یەکێکیش لە کاکەییانی  خۆمان لە هەندەران بەسەر هەمان هەڵەدا تێپەڕیوە و ئەویش هەروای داوەتە قەڵەم! ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە، هۆکارەکان چین؟

بەلای بەندەوە کۆمەڵگای ئێمە تا ئێستاش هەر بە داخراوی ماوەتەوە و نایەوێ هیچ گۆڕانکارییەك لەناو خۆیدا ڕووبدات.

ئەوانەی تا دوێنێ خۆیان بە دەمسپی ئەم خەڵکە دادەنا پێیان خۆش نەبووە کاکەییان رۆشنبیر بکرێن لە زانستەکانی خۆیاندا، تەکانێك بدەن بۆ پێشەوە، تەنیا فەتاحی سەید خەلیل نەبێت کە هەوڵە جوامێرەکانی لە دەڤەری کاکەییان لەبەرچاوە بە کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێکی ئاو لە کاتێکدا قوتابخانەی لە تۆبزاوە بۆ کوڕ و کچ کردۆتەوە لە هیچ شوێنێکی داقوق ئەم هەنگاوە نەنراوە.

ئەوانەی ئەمڕۆ خەمخۆری کاکەیین لە پیاوانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.. دەبێ هەنگاوێکی خێرا بنێن بۆ بەرەو پێشبردنی تاکەکانی ئەم تایەفەیە و رۆشنبیرکردنیان بە نووسینەوەی مێژووی تایەفەکە و کەلتووری هەزار ساڵەیان لەلایەن خۆیانەوە، نەك بەو جۆرەی ئەمڕۆ دەکرێ و هەزاران گۆڤار و دەیان بڕوانامەی ماستەر و سەدان وتار و کتێبی هەمە جۆرمان لەسەر دەرچووە و هەر یەکێ بە جۆرێ تێگەیشتنی و بۆچوونی خۆی پێناسەمان دەکەن.

لە کاتێکدا دەبێ مافیش بەو کەسانە بدەین کە لەمەڕ ئێمەوە کتێب و وتار و بڵاودەکەنەوە. چونکە ئێمە تا ئێستایش هیچ پلانێکمان بۆ نەوەکانی داهاتوومان نییە ، هەروا ئەو گۆڕانە خێراییانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێن و خەڵکان بەرەو

ئاراستەیەکی دی دەبەن. وابزانم سانسۆر خستنە سەر رۆشنبیران پەردەپۆشی هەقیقەتەکان ناکەن و دەرگا لەسەر خۆداخستنیش بەرەو توانەوەمان دەبات و دونیاش گۆڕاوە دونیای کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتە، هیچ هێزێکیش نییە لە بەردەم بیری پێشکەوتووی گەنجانی کچ و کوڕانی ئەم سەردەمەدا ڕاوەستێ. ئەمڕۆ لە هەموو چین و توێژێك رۆشنبیرو مامۆستا و دکتۆر و ئەندازیار و دادوەر و پیاوانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی سیاسەتمەدارمان هەیە.

ئێمە لە کوردستاندا نابێ مافمان بخورێ و لەو شارو شارۆچکانەی کە ڕێژەیەکی باشی دانیشتووانی کاکەیین پەراوێز بکرێن وەك لە شاری کەرکوکدا کراوە.

ئێمەیش خوێنمان ڕشتووە لە پێناوی خاك و وڵات، هەر لەم شارە لە ماوەی سێ ساڵدا (103) کەسی شەهیدمان داوە ، کەچی لە ئەنجوومەنی پارێزگا نوێنەرمان نییە! ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بە کاکەیی بکەن دەبێ لە ژوورە تاریکەکان لە خەوی غەفڵەتیان بێنە دەرەوە و بەگوێرەی ڕەوتی سەردەم بجوڵێنەوە، ڕێز لە قەڵەمەکان و ڕاو بۆچوونەکان بگرن، ئەوانەی دەیانەوێ خۆیان بە خاوەنی کاکەیی بزانن، ئێمەیش هیچێکمان لەوان کەمتر نییە، بەڵکو لەوانیش زیاتر و باشتر خزمەت دەکەین و خزمەتکارین.

کاکەیی ئەو تایفە کەمایەتییەی کەم دەسەڵات وگۆشەگیرەی ئەمرۆی کوردستان و دورەپەرێزەی لە داواکردنی مافەکانی خۆی ، ئەو کوردە بەهەق رەسەنانەی سەردەمانێك پێیان دەوترا ئەهلی هەق ، یارسان ، کە بەدرێژایی مێژوو نیشتەجێ چیاسەختەکانی زاگرۆس وشارەزور بوون ، هەمیشە وەك کوردێکی شۆڕشگێڕو خەباتکار لە سەرهەڵدان وبزوتنەوەدا بوونەو وەك ماف خوراوێك وخاوەنی راستەقینەی وڵات بەرەنگاری هەموو چەشنە داگیرکەرێکی خاکی کوردستان بونەتەوە زیاتریش بۆ لەدەس نەدانی بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان بە گوێرەی چەند دەسنووسێکی پارێزراوی کەلتوری بەجێماویان ، ئەمانە خاوەنی زۆربەی ناوچەکانی شارەزورو هەڵبجەو ئەردەڵان وشاخەکانی شاهۆ ، باڵامبۆ ، شندروێ ، شرام ، هەوارەبەرزە، شەمیران وشارو گوندەکانی : خورماڵ ، سەرگەت ، گوڵپ گوڵپەت ، بەڵخە ، بیارە ، تەویڵە ، نەوێ ، هاوار ، گریانە ، هاوارەکۆن ، دزڵی ، شیان ، کەلاتی ، سێ قاڵتان ، وزیار ، چادرگە - تەپی سەفا ، سازان ، مۆردین ، پردێوەر ، نەوسود ، شێخان ،دگاشێخان ، داودان ، دیواندەرە ، دزاوەر ، عەربەت ، سەی سایق، باوەنور ، خۆشێن ، کفری (باوە شاسوار ) خانەقین ومەندەلی ، گوندەکانی گەرمیان ، شارۆچکەکانی قەسری شیرین وکرماشان ، بوون و لەشەرەفنامەدا ئاماژە بۆ چەند شوێنێ لەمانەی ناومان برد کراوە و خوالێخۆشبوو مامۆستا رۆژبەیانی زیاتری لەسەر نووسیوە ، دەسنووسەکان بەڕاشکاوی دەڵێن ئەم کاکەییانە خاوەن حکومەت ودەسەڵاتداری کوردستان بوونە ، کە بەندە پێم وایە بەشێکیان بە (ئەناز) یاخود دەوڵەتی (عەیار) ی پەیدا بوون وپاشان ناویان بە نوسەیری لە کوردستاندا ژیاوەتەوە ، لەدوای سێ سەدە بە ناوی ئەهلی هەق هاتونەتەوە سەرهەڵدان و رەنگو بۆی شۆڕشەکانی سەردەمانی (ئومەوی و عەباسی) یان لە خۆگرتووە دژی دەسەڵاتی ئومەوی وعەباسی لە کوردستاندا ، بۆ رزگار بوون هاوشانی خەڵکانی تری غەیرە عەرەب لە ژێر دەسەیی ، دەستیان بەسەر هەڵدان کردوە بڕێ جاریش چەشنی ئەو شۆڕشانەی بە ناوی ( مەهدی — مەهدەوییە ) لە بزوتنەوەو سەرهەڵداندا بوونە ، تێکەڵاویان بوونە ، سودیان لەو شۆڕشانە بینیوە ، کە لە مێژوودا چەندین شۆڕشمان خوێندوتەوە بە ناوی پەیدا بوونی حەزرەتی مەهدی وئامانجیش . لەو شۆڕشانە خۆ ئالاندن بووە بۆ پەیدا کردنی پشتگیری و سوور بوون لەسەر بەردەوامی سەرهەڵدانەکە ، دیارە گەلانی ستەم دیدە ، یاخود گروپە ئایینیەکان زیاتر پەنایان بۆ ئەم مەبەستە بردووە ، بۆیە لەم ماوەیەدا ئەوانەی بەم شۆڕشانەوە خەریك بوونە رەنگو بۆی شیعەیان لێنیشتوە لە خۆگرتوە بە ناو ، بۆ گێڕانەوەی مافی زەوتکراو بۆ بنەماڵەی (ئال وبەیت ) ی پێغەمبەر (د.خ) بەتایبەتی عەلی وحوسەینی کوڕی (س.خ)لە چیاکانی زاگرۆسی کوردستان ئەم جۆرە سەرهەڵدانانە نێو نراون بە شۆڕشەکانی (عەلەوی ) یاخود فاتمی ، یان باتنییەکانی وەك شەبەك ونوسەیری وئەهلی هەق کە لەڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکیان بە شیعەگەرییەوە نییە ، سەرچاوەکانی شیعەیش رەتیان دەکەنەوە. بە پەیدا بوونی شێخ عیسی وموسیی بەرزنجی لە کوردستاندا کە ئەوکات لە هەمەدانەوە هاتنە کوردستانی باشورو ناوچەی کرمانجی شار باژێر لە شوێنێکدا کە زنجی لێدەڕوا هەواریان هەڵداو خەڵکانی لە دەوریان کۆبوونەوە کە دوو زاتی خواناسی بێ وێنەی ئەودەمە بوون لە ناو ئەو ماڵە خانەدانە زاتێك پەیدا بوو بە ناوی ( سوڵتان ئیسحاقی کوڕی شێخ عیسی 716ك ) خەڵکانی

کاکەیی لە دەوری کۆبونەوە کە هەر لێرەدا بە ناوی (کاکەیی ) ناونران دیارە پەیدا بوونی ئەم زاتە (چاوەڕوان کراوە ) گەورەترین دەرگای خێرو خۆشی بۆ کاکەیی کردەوە ، سەردەمی زێڕینی بوژانەوەو ژیانەوەی ئەو خەڵکانە لە قەڵەم دەدرێ کە بەدرێژایی مێژووی ناوچەکە لە بزاڤ وسەرهەڵداندا بوون , سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی ، ئەو رێبەرە گەورەیە توانی دەورەکانی پێش خۆی هەڵوەشێنێتەوە کە بە ناوزی وشاخۆشین دەناسران ، هەستا رێرەو وریبازێکی سۆفیزمی گونجاوی خوا پەرستانەی بناغە دانا لە شاری (پردێوەر ) ی نەوسود ، موریدانێ زۆری کەمەندکێش بوون لە شارەزورو هەردوو هەورامانی تەخت ولهۆن وبەناوچانەدا شۆڕبووەوە ، لێرەدا کاکەییان رەنگو بۆی موسڵمانێتی‌یان لە خۆ گرت وزیاتر بیروباوەڕی دەروێش و زاراوەکانی تەسەوف لە ناو نوسراوەکانیاندا دەبیندرێ ، کەچی 300ساڵ پێش پەیدا بوونی ئیسحاق تامو بۆنێکی تر لە نوسراوەکانی شاخۆشین لوڕستانی وبایاناوزی سەرگەتی هەست پێ دەکرێ تا دەرکەوتنی بنەماڵەی ئەردەلانیەکان کە بابائەردەلان بە دامەزرێنەری ئەم ئیمارەتە دەژمێردرێ وزمانی رەسمی بەڕێوەبردن ودینی ئیمارەتەکە (ماچۆی هەورامی = گۆڕان ) بوو ، بابانەکانیش لە مانەوە چەکەرەیان کردوە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا وبەتایبەتی کاتێك خەڵکانی کوردی کوردستان ئیدعای سەییدییان بۆ بنەماڵەکانیان کردوە ، حکومەتی عوسمانی هەستاوە زەوی وزاری دابەش کردوە بەسەر ئەو جۆرە بنەماڵانەداو کاکەییەکانیش بە گوێرەی فەرمانێکی عوسمانی کە سوڵتان عبدالحمید یا عبدالعزیز لە( 1277ك) بۆیانی مۆرکردوە نووسراوە ئەمانە سەییدی بەرزنجین و نوسخەیەکم لا پارێزراوە کە باسی زەوی دابەشکردن دەکات بەسەریاندا لە (قەصەبەی کەرکوك) ولەو رۆژەوە ناسنامەکانیان بە موسڵمان نوسراون لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ لەو ماوەیەدا حکومەتی عوسمانی سونی مەزهەبو پشتگیری لە کاکەییەکان کردوە ، کاکەیش لە هەقیقەتدا زۆربەی زۆری سونی مەزهەبە لە بنەڕەتداو بە هیچ جۆرێك پەیوەندی نەبووە بەمەرجەعەکانی شیعەی نەجەف وئێرانەوە ، ئاشکرایشە لە هیچ گوندێکی کاکەیی حوسێنییەی تێدا نییە ، جگە لە تەکیەکانی خۆیان نەبێ ولەم بارەیشەوە بیرو باوەڕی شیعەگەری ناگونجێ لەگەڵ بیری سۆفیزمی ودەروێشی وفەلسەفەی بیرو باوەڕی کاکەییان ، لە ئێراندا دەسەڵاتی شیعە دان نانێ بە مافی کاکەییدا ولەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو حکومەتی ئێران ناردیە شوێن سەیید نەسرەدینی گەورەی کاکەییانی کرماشان و داوای لێکرد بە خۆی وتایفەی (ئەهلی هەق — کاکەیی) ببنە شیعە ، ئەم زاتەش زۆر بە توندی بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ئێران راوەستاو وتبووی ئەگەر زۆرمان لێبکەن ، ئەوا دەچینەوە سەر مەزەوی برا کوردەکانمان کە سونی مەزهەبن وئیمەیش دەبین بە سونی . حکومەتیش زانییان ئەمە بەر پەرچ دانەوەیەکی گەورەیە ، پێی وتن بڕۆن لەسەر رێبازو بیرەباوەڕی خۆتان بمێننەوە هیچمان لێتان ناوێ . لە کوردستاندا ئێمە رێبازێکی سەربەخۆی خۆمانمان پاراستووە وبەراستیش تێکەڵاوی هیچ مەزەوێکی تر نەبوینە ، خۆشەویستی (ئیمامی عەلی) یش یەکیکە لەفەلسەفە ئاینیەکانمان وپەیوەندی بەشیعەگەرییەوە نییە ، کەسانێکیش لە عێراقدا گەر بیانەوێ بە شیعە مەزەو لە قەڵەممان بدەن ئەوا زۆربە هەڵەدا چوونە ، بانەرۆژیش نوسراوەکانمان بەهەڵەیان دەخاتەوە ، پاشان کاکەیی هیچ کاتێ جیاوازی مەزەوگەری نەکردوە لە نێوان هیچ ئاینێکدا بە درێژایی مێژووی پەیدا بوونی لە کوردستان ، بەڵکو خەڵکانێکی دیموکرات خواز ومیشەنگێکی خواناسی ودەروێشێکی خەڵوەتکێش ماڵوحاڵی خۆی بوەو کەسیش مەرجەعی ئەو نەبووە جگە لە ( پیر - مورشید) و (دەلیل = خەلیفە) ی بنەماڵەکەی کە هەر هەموویان پیرو موریدی یەکترن ، کەسی گەورەو کەسی بچووك نییە ، بۆیە ئەم پیرو دەلیلە نابێ لە خەمی جیفەی دونیا بژین ودەست لە کاروباری دونیایی وەربدەن ، چونکە پیشەی وان ریازەت کێشان وچللەو خەڵوەت نشین ورۆژو گرتن وبەرگی شاڵ پۆشینە وچاویان لە ماڵی دونیا نەبوە ، بۆ زێڕو زیو قەسر نەگریاون ، پێشمان باش نییە ئەم جۆرە کەسانە بکرێن بە پردێ بۆ مەبەستێکی سیاسی ودونیایی ئەو جۆرە کەسانە دەبێ بەڕوو خواردنی کاکەییان لە یاد نەچێ لە رۆژانی سەختدا لە شاهۆو شندروێ خواردومانە ولەسەر کوردایەتی وپاراستنی تایبەتمەندیەکانی خۆمان لە داب ونەریت وزمان و کەلتوری هەزار ساڵەمان بەردەوام بوینە .

ئەمڕۆش لە کوردستاندا هەست بە نیمچە ئازادییەك دەکەین ولە دورو نزیکەوە حیزبە کوردییەکان هەوڵدەدەن خزمەت بەم کەمینە تایفەیەی کاکەیی بکەن کە مایەی رێزو سوپاسن ، تا ئێستا لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا کە پرۆسەی ئازادی کوردستان وعێراقی رزگار کرد هەوڵ دراوە هەندێ دەزگای روناکبیری بۆ کاکەییەکان بکەنەوە وبڕی بەڵێنی



www.dengekan.com
2/11/2007

سەرزارەکیشیمان درایی لە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان وپێشکەش کردنی خزمەتگوزاری هەمە چەشنەو دامەزراندنی دەرچوانی پەیمانگاو وکۆلێژەکان وقیرتاو کردنی رێگاو بانەکان و وەرگرتنەوەی زەوی وزاری کشتوکاڵی داگیرکراویان لە دەڤەرەکانی داقوق موسڵ وخانەقین ومەندەلی ، دانانی چەند نوێنەرێك لە پەرلەمانی کوردستان وئەنجومەنی پارێزگاکانی کەرکوك وموسڵ وهەولێر وخانەقین ومەندەلی وهەڵەبجەو وداقوق. بەداخەوە ئەو بەڵێنانە نەهاتنە دی تەنیا دانانی دوو نوێنەر نەبێ لە پەرلەمانی عێراقدا کە مایەی دڵخۆشکەرن بۆ ئێمە بەلاّم ئێمە پێمان باشە هەر بڕیارێك لە بەرژەوەندی کاکەیی دەردەچێ پرس بەهەموو کاکەییەکان بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەك رەزامەندی خۆیان لەو پڕۆژەیەدا دەربڕن ، یاخود راو بۆچوونەکان تاوتوێ بکرێن کە بە قازانجی کاکەیی دەشکێتەوە هیچ چین وتوێژو پیاو ماقوڵێکی تایفەکە فەرامۆش نەکرێت وگوێ لە رازو پێشنیارەکانیان بگیرێت . کردنەوەی کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەلاّیەتی یاران لە شاری کەرکوك کارێکی ئێجگار باش بوو دوور بوو لە حیزبایەتی مەبەستیش تەنیا خزمەت کردنی کاکەیی بوو ، بەلاّم بەداخەوە روبەڕوی چەندین گیروگرفتی خۆمانەو لایەنی دی بوەوە ، روی لە کزی وسستی کردو زۆر کەس لە کاروباری ئەم کۆمەڵەیە خۆی هەڵقورتاند ، خۆشمان لە ئاستی بارودۆخەکەدا نەبووین لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگای مەدەنی دا هاتووە . ئێمە ئەگەر تەنیا وەك کوردێك وکاکەییەك بڕوانینە بەرژەوەندییەکانمان ، پێم وایە بەراستی دەتوانین تایفەکەمان بەروە پێشەوە بەرین ، ئەم قسەیەشم تەنیا روبەڕوی چینی رۆشنبیران وقەڵەم بەدەستان دەکەمەوە ، چونکە ئێمە چەشنی دەنکەکانی تەسبیحێك لەیەك بازنەدا هۆناوینەتەوە ، با پەیوەندییەکانی نێوان خۆمان پتەو بکەین وپێکەوە کاربکەین بۆ بانە رۆژمان وئەوانەی لە ئێمانانیش کە خەریکی سیاسەت بازین ، باخزمەتی برایی وخۆشەویستی وپەیوەندییە تایبەتییەکانی نێوانمان بن و نەیپسێنن چونکە بەبێ یەك هەڵناکەین ئەوانەی تا دوێنی لە بەندە تێنە دەگەیشتن و پەلاریان تێ دەگرتم لە کۆڕو کۆبونەوەکانماندا وناویان دەزڕاندم ئەمڕۆ لە پێش چاوی هەموو کاکەییەکاندا خۆیان ئاشکرا کرد ، شوکر بۆ خوا خەڵکی ئەوانشی ناسی ، ئێمە لەبەر ئەوەی یارو برای یەکترین لە بنەماڵە گەلێکی هەق پەرست وبەدوای هەقیقەت پەرستاندا وێڵین دەبێ هەموو کاتێ وەکو (مەنصور) هەق واچو هەق وێژ بین وسڵ نەکەینەوە لەوەی کەدەمانەوێ بیڵێین کردنەوەی بنکەیەکی رۆشنبیری تر بۆ کاکەیی بە ناوی (مەکۆی برایی) لە هەولێر بەلای بەندەوە وەك رۆشنبیرێکی شارەزا لە کاروبارو رێبازی کاکەیی ، پیرۆزبایی لەو دەسکەوتە دەکەم ، بەلاّم لە هەمان کاتدا پێم باشە هیچ مەرامێکی سیاسی لە پشتەوە نەبێ وبەراستی دەست بکاتە خزمەت کردنی ئەم تایفە ستەم دیدەیەو وهەوڵی بوژانەوەی داب ونەریت و کەلتوری رەسەنی بێت ، لەماوەی سێ ساڵدا ئەز چاوم دەگێڕایە نووسن و راوبووچونانەی لە گۆڤارەکان و رۆژنامەکانی (هاولاّتی، برایەتی، خەبات، هەواڵ، کوردستان پۆست)لەمەڕ کاکەییەوە بلاّوکرانەوەو زۆربەی ئەو نوسنانەش لەلایەن خودی کاکەییانەوە نووسراون، هەندێکیان زۆر بەراشکاوانە باسی کەلتووری خۆی کردووە بەبێ پێچ و پەنا و راستی بابەتەکەی خستووەتە روو لە رووی ئاینییەوە، کەچی دەبینی کەسێکی تری کاکەیی دێت و لەبەر پاراستنی هەندێ بەرژەوەندی و دوورخستنەوەی شك و گومان قسەکانی نووسەرە کاکەییەکەی داوەتە دواوەو گوایە کاکەییەکان بەو نووسینە دڵتەنگ بوونە! هەر لەو نووسینانەی هاتووتوونەتە بلاّوکردن گوێمان لە دەنگی خەڵکانی رۆشنبیی کاکەیی دەبێ باسی ئاین و هەستی نەتەوایەتی کاکەیی و خەباتی لەپێناو ولاّتدا دەکات و باسی ئەو شەهیدو خوێن بەخشینە دەکات کە کاکەییان داویانە، کەچی مافیان نیە، ناویان لە دەستووری عێراق، دەستووری هەرێمی کوردستاندا نیە، لە ئەنجومەنی پارێزگا وەك کەرکوك و موسڵ و هەڵەبجە، هیچ نوێنەرێکیان نیە، ئەمڕۆ کاکەیی بووەتە دوو بەشەوە سێ بەشیان پێیان باشە ناویان هەیێت وەك خێل و هۆزێك لەگەڵ پاراستنی ناسنامەی موسڵمانی سەردەمی عوسمانی کەپێیان دراوە، دیارە ئەمەش بەهۆی مەترسی و هەڕەشەی دەوروبەریانە هەرچەندە بۆخۆشیان دوو دڵن لەم کارە، چونکە وان رەخساریان و زمانیان هەڵسوکەوتیان لە رووی جێبەجێکردنی فەرزەکانی ئاینی ئیسلامەوە دەدرێتە دواوە، لەلایەن سوننەو شیعەوە بۆیە ناچارە بەرگەی ئەو هەموو تانەو تەشەرە بگرێت کە لەناو کۆمەڵگادا روو بەڕووی هەرێیەکێك لەتاکەکانی



www.dengekan.com
2/11/2007

کەکەییان دەبنەوە وەك لە دەزگاکانی میری، لە کۆلێژو قوتابخانەکان، لەناو بازارو شوێنە گشتیەکان، لە پێشمەرگەیی و سەربازی، لەژنهێنان و شووکردن، رەنگە جووداکاری و چەوسانەوەش بیانگرێتەوە. بۆیە زۆرینە بەپەسەندتر وەربگیرێت باشترە کە داواکاری هەموو چین و توێژە رۆشنبیرەکانی کاکەییە لە هەموو کوردستاندا. ئەو هەموو پێناسە نادروستانەش نامێنیٚ کە کاکەیی ئاینە نەك هۆزو خێڵ. لە بلاوکراوەیەکی کاکەییەکاندا هاتووە دەڵیٚ:

1.کاکەییەکان: توێژێکی رەسەنی زیندووی ناو کۆمەڵگای کوردەوارین، خۆیان جیاناکەنەوە و داخوازیەکانیان هەمان داخوازی گەلی کوردستانە، هەمیشە پارێزەرو داکۆکی کار بوون لەمافە رەواکانی کورد وەك نەتەوەیەکی زوڵملێکراو، داب و نەریت و بەها پیرۆزەکانی کوردیان پاراستوە و هەمیشە شانازییان بەو کەلتوورەوە کردوە کە باوو باپیرانیان رێچکەیان بۆ داناوە، لەم دیدەوە کاکەیی هیچ ئامانجێکی سیاسی جیاوازی نیە لەگەڵ ئامانجی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد یەك نەگرێتەوە بەڵکو هەندیٚ ئامانجی دیکەی وەك کۆمەلایەتی ، فەهەنگی هەیە.

2.لەبەڵگەنامەکانی ئەنجومەنی حوکم دات لە نیسانی 2004 رونکراوەتەوە کە کاکەییەکان گروپێکی موسڵمانن و هەندیٚ کەلتووری تایبەتی و دیالیکی(زاری)و داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەیەو بەپێویست زانراوە وەقفەیەکیان هەبێت لە حکومەتی عێراقی فیدراڵدا، بۆ ساناکردنی کاروباری کاکەییەکان وەك (سوننەو شیعەو یەزیدی و مەسیحی) و هەموو کەمە ئایینی و تایفەو مەزهەبەکانی دیکە.

3.لەبەرنامەی کاری (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) بۆ هەڵبژاردنەکانی 2005/12/30 لەخاڵی ژمارە(3) هاتووە باس لە دانپیادانانی مافە نەتەوەیی و سیاسی و رۆشنبیری و ئاینییەکان دەکات بۆ (ئاشوری و کلدان و سریانی و ئەرمەنی و یەزیدی و شەبەك و کاکەیی و سائبە).

4.لەئاداری 2005 ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری گەلالەکردنی پرۆژەیەکی دا، ئەویش دانانی سیٚ بەڕێوەبەری گشتی سەربە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بۆ (یەزیدی و مەسیحی و کاکەیی)، بەو پێیە کاکەییەکانیش دەبنە خاوەنی یەکەیەکی ئیداری کە ئەو یەکەیە ئەوان بەخاوەن دەکات و هاوکارو یارمەتی دەریان دەبێت لە رێکخستن و بەرەو پێشەوە بردنی کاروباریان هاوکات ببێتە پردی پەیوەندی لەنێوان کۆمەلانی کاکەیی و حکومەتی هەرێم بۆ گەیاندنی خواست و داواکارییەکانیان و خزمەتکردنی شوێنە پیرۆزییەکانیان و پەرستگاو زیارەتگاتکانیان لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە هەوڵدان و بۆ یارمەتی دانی خێزانی هەژارو کەم دەرامەت و کەسانی پەکەوتەو پیاوانی ئایینی، بێجگە لە هەوڵسوڕاندنی کاروباری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی.

5.کاکەییەکان پەیڕەوانی رێبازی تەسەوفن و عیرفانین و ئەم شێوازە لە چەندین شوێنی رۆژهەلاتدا بەگشتی بوونی هەیە، ئەویش لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی و رێزگرتن و بەپیرۆزسەیرکردنی گشت پەیامبەران و کتێبە ئاسمانییەکان.

6.لەدەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی ژیانی دیموکراس خوازی و ئازادی بیروڕادا،(کاکەیی)یش مافی ئەوەی پێدراوە ئازادانە مومارەسەی رێورەسمەکانی و نەریت و کەلتوری خۆی بکات و کاروباری ناو خۆی بەڕێوە ببات و سەبەرست بێت لە هەموو چالاکییەکی (کۆمەلایەتی و رۆشنبیری) لەپێناو خزمەتگەیاندن بەکاکەییەکان. هەر لەم رووەوە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی حکومی تایبەت بە کاروباری ککاکەیی کە بارەگای لە هەولێر دەبێت دادەمەزرێت و شان بەشانی ئەویش رێکخراوێکی نا حکومی بەناوی (مەکۆی برایی) دادەمەزرێت و کە هەموو مەرجە یاساییەکان لەخۆدەگرن و ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیەکەو رێکخراوەکەش هەموویان (کاکەیی) دەبن و هەموو هەوڵ و کۆششێك دەخەنە گەڕ لەپێناو بەرزراگرتنی ناوی پیرۆزی کاکەیی و خزمەتکردنیان لەگشت روویەکەوە.

وا دیاره ئەمە پرۆژەیەکەو پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کراوە، تائێستاش دەرەنجامەکانی دیارنین‌و لەناو خەڵکانی کاکەییدا پشتگیری لێکرا تەنیا هەندێ کەسانی توندڕەوی ئاینی نەبێت، بۆیە دەبینین هاوارییەکانی کاکەیی لە هەڵبجە زۆریان پێ‌ناخۆش بوو ئەم پرۆژەیە لەناو ببرێت‌و ئەوانیش هەمان داواکارییان هەبوو لە رۆژنامەی هاولاتی بەروونی لەم بارەیەوە قسەی خۆیان وتووە.

ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە مافەکانی تایەفەی کاکەیی لەدەستووری هەرێمدا بچەسپێنێت پارێزگاری لەناوچوونیان بکات، لابردنی ئەو سیاسەتە نەگریسەی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لەسەریان لەداگیرکردنی خاك‌و زەوی‌و کشتوکاڵی‌و گوندو ناوچەکەیان‌و سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب، کاکەیی بەدرێژایی مێژوو لەژێر دوو جۆرە چەوسانەوەدابووە، یەکیان چەوساندنەوەی نەتەوەییە، دووەمیان چەوساندنەوەی ئایینی بووە، ئەگەر ئایین‌و بیروباوەڕیان جیاواز نەبوایە نەدەچەوسێنراوەنەوە، واتە وەك هاولاتیەکی کوردستانی چەوساوەتەوە لەبەر ئەوەی بەشێکن لە کوردو کوردستانی گەورە، دوەمیشیان بەهۆی سیاسەتی سوننەگەری‌و شیعەگەری کە دوو سیاسەتی دژبەیەکی دەوڵەتانی عوسمانی‌و ئێرانی بووە، هانی خەڵکیان لێدراوە بۆ هێرشکردنە سەریان‌و توانەوەیان، بەلام ئەمڕۆ ئێمە باوەڕمان هەیە کوردستان خاوەن ئیقلیمێکی سەربەخۆیەو دەسەلات‌و پەرلەمانی هەیە، هەموو نەتەوەو ئایین‌و ئاینزاکانی سەربەست‌و ئازادن‌و مافەکانیان دابین بکرێ‌و کەس نەتوانێ لە چوارچێوەی یاسا بێتە دەرەوە، کاکەیی هەر بەزگماك گروپێکی دیموکراتی‌و ئاشتیخوازو مرۆڤدۆستن، دروشمی برایەتی‌و پێکەوەژیانیان لەسەردەمانێکی زووەوە هەڵگرتووە، خاوەن کەلتوورێکی رەسەنی کوردستانن، نووسەرێك بەناوی(ئیڤانۆڤ) لەسالی 1953 کتێبێکی لەمەڕ کاکەییەوە لەهۆڵەندە بەچاپگەیاندووە، زۆر ستایشی رۆڵی مرۆڤایەتی ئەم کوردە کاکەییانە دەکات بەوەی مرۆڤدۆستی‌و هەقناس‌و رێز لەمافی خەڵکی دەگرن‌و هێمن‌و وشیارن‌و کارکەرن، لەشوینێکدا نووسیویەو ئەڵێ: کاکەیی واتە (مێشەنگوێنەکانی خودا)، ئەمەش جوانترین رێزلێنانە بۆ کوردو کاکەیی، هیوادارم کاکەیی بەرەو بانەرۆژێکی گەش‌و پرشنگدار بڕوات, لەوە زیاتر ستەمی لێنەکرێت‌و خۆیشی ستەم لە خۆی نەکات لەم سەردەمەدا، سەرێکیش لەپێناو (یار) نەبەخشرێ بێشك ئەو سەرە لە گرۆی(یاران) نیە، هەریەك لە ئێمە دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی بکات تا تەرازووی هەق لەپێش ئێمەشدا هاوسەنگ بێ‌و هەقیش بنرێتە دەستی خاوەن هەقان.

تێبینی:

ئەم بابەتە لە گۆڤاری ستاندار سالی 2006 بلاوکراوەتەوە، بەلام بەداخەوە بەڵگەنامەکان بلاونەکرابوونەوە.

# کاکەییانی چیانشین لە نێوانی ئایین ونەتەوەدا و... بزاڤێکی بەردەوام

هاشم عباس کاکەیی



# کاکەییەکانی کەرکوك و گەرمیان نیگەران مەبن

وەلامێك لەلایەن مام وریا هاواری و د. سەیوان عەلی ڕەزا هاوارییەوە



هەواڵ

د. فوئاد مەعسوم: سەبارەت

# من کاکەییم پڕ بە دەنگ بانگ ئەکەم مافم دەوێ لە دەستوور ناوم ئەبێ خەو لەچاوم ناکەوێ

لە هەولێرەوە



ئازاد حەیدی

جیب ابن اربیل ولا تخاف !!!

لەدوای را پەرینە مەزنەکەوە



# کاکەییەتی لە نێوان ترسی لەناوچوون و ئاشکرا بووندا

سەردار عەزیز کاکەیی



# "لەترسی خواوە نییە ئێمە دینداریی دەکەین، بەڵکو لە خۆشەویستییمانەوەیە ب

پەیڕەوکارێکی ئایینی یارستان یاخود کاکەیی نیشتەجێی وڵاتی سوید

ئا: هومەر فتاح



سیروان عەلی



مام وریا

# کاکەییەکانی گەرمیان زۆر ناڕەحەت و نیگەرانن...!





# کاکەییەکان گەشتوونەتە حەقیقەت



بەهرۆز نەورۆز

## کاکەییەکان و شوێنیان

## پەرستن لای کاکەییەکان

## کەسایەتی "سان سەهاک"

# کاکەییەکان کێن و لە کوێدا هەن ...؟

عەباس کاکەیی

هاوڵاتی ژ (٢٨٩) چوارشەممە ٢٦/٧/٢٠٠٦ ل ١٤

# "جەمی پارسان دەربڕی تێکەڵاوییە یان پرۆسەیەکی کەلتووری نەتەوایەتیی و دیموکراسیی گەل...



گوندی هاوار لەساڵی 1974



گوندی هاوار لەساڵی 2006دا

# ...ر... یەکێک لە کۆنترین گوندەکانی کوردستان

## ...نەیەک لە خۆڕاگریی و گونجان و پاراستنی ڕەسەنایەتی